ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/07/26 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**ئەندازەگیری وشەی پێگەیشتن (البلوغ) لە چی هاتووە و مانای چی دەگەیەنێت؟**

**چ کاتێك نارێکی لە پێگەیشن دروست دەبێت؟**

**هەرشتێك یان هەر بابەتێك و هەر کێشەیەك یان هەر وشەیەك کە بلوغی لەگەڵ بەکارهات**

**مانای چی دەگەیەنێت؟**

**لە قورئان لە دەرگەدان پەیوەست کراوە بە وشەی (بَلَغَ)**

**ئەگەر منداڵێکی تەمەن دوو کاتژمێری پاچەی دەرخوارد نەدرێت**

**ئایا دەشێت مرۆڤێك کە تازە دەیەوێت ئیمانییانە پێبگەیەنرێت دەبێت لە لایەن خودای ڕحمان بە قەد ئەو منداڵە ڕەچاو نەکرێت لە مادده پێدانی ئیمانییانە**

**ئایا ڕیزبەندیی دابەزینی قورئانی پیرۆز (ترتیب نزول القرآن الکریم) لە ڕووی بنیاتنانی ئیمانەوە چی پێشکەش بە دڵەکان دەکات؟**

**خستەڕوو (طرح)ی ماددەی ئایینی پێغەمبەر بۆ خەڵکی بە کۆمەڵ زۆر زۆر کەمە**

**بەڵام زۆربەی زۆری خستنەڕووەکانی لە ئاستی تاکەکەس و دوو کەسیی بووە**

**پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هیچ کاتێك کەسی بە دوژمنی خۆی هەژمار نەکردووە**

**بەڵکو کەسانێك هەبوون ئەویان بە دوژمن خۆیان هەژمارکردووە**

**کاتێك خودای جیهانییان(ﷻ) بە شێوەیەك قسە ئاڕاستەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) دەکات وەك ئەوەیە لە بووندا تەنیا پێغەمبەرەکەی هەیە و بەس**

**مانای وشەی پەروەردگار (رب) لە زمانی عەرەبی چییە؟**

**و ئایا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە خودای ڕەحمان نزیکە؟**

**یان خودای ڕەحمان لە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) نزیکە، چونکە**

**هەر حاڵەتێك جیایە لەویتریان**

**داواکردنی مەقامی (الوسیله) لە لایەن پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بۆ خودی خۆیەتی؟ یان بۆ ئوممەتەکەیە؟**

**کاتێك ئیمانداران بەڵێن دەدەن چاو و گوێی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بکەن بە پێوەر**

**ئایا ئیماندارانیش دەتوانن (بلاغ) و بانگەواز ئەنجام بدەن؟ کێ و چۆن؟ و بە چ ڕێگەیەك؟ مەرجەکانی بانگەواز لە نێو قورئان**

**لە نێو قورئان بانگەواز لۆ کێیە؟**

لەم بابەتی سیرە بەوە دەستمان پێ کرد کەوا هەڵسەنگاندن یاخود پلە وپایەی پێغەمبەر لە نێو قورئان چۆنە؟ یاخود بینینی پەروەردگارییانە لۆ پێغەمبەرمان چۆنە؟ پێوانەکاریمان لۆی ئەنجامدا، خودای ڕەحمان بەراوردکاریی لە نێوان پێغەمبەران دەکات لەگەڵ پێغەمبەرمان لە کۆمەڵێك کاروباری دیاریکراودا.

لەم باسەمان چوار وشە هەن لە قورئاندا کەوا زیاتر خودای ڕەحمان لۆ کەسایەتی پێغەمبەرمان بەکاریهێناوە، جا لێرە تیشکی زیاتری دەخەینە سەر، تا ئێستا لایەنێك یاخود نیشانێك لە نیشانە دیارەکانی کەسایەتی پێغەمبەرمان کە

قورئان دەستنیشان کردووە، زانایانیش خودای ڕەحمان لێیان ببورێت یان ئەوەتا بەو ڕاددەیە گرنگییان پێ نەداوە، یاخود هەستیان بەوە نەکردووە کە جێگەی ئەو بایەخەیە کە دەبێت بیدرێتێ!

## ئەندازەگیری وشەی پێگەیشتن (البلوغ) لە چی هاتووە و مانای چی دەگەیەنێت؟

یەکەم وشە بریتییە لە وشەی (بلاغ)، وشەی (بەلاغ) نموونەیەکی سادەی لۆ دەهێنین لۆ ئەوەی لەبەر چاوتان وێناکەی دروست ببێت، زۆر جار ئێمە جا کچ یان کوڕ کاتێك دەگاتە ئاستێکی دیاریکراوی تەمەن، لە ڕووی جەستەوە گەورە دەبێت، کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەسەر جەستەی دروست دەبێت، کە بەڵگەی گەورەبوونیەتی، ئەگەر بێتو نێر(کور) بێت، دەنگی دەگۆڕێت، دەنگی نێر دەبێت، موو لە جەستەی زیاد دەبێت، بەژنی درێژ دەبێت، ڕەگەزی (مێ)یە و کچیش تایبەتمەندی دی هەیە، هەرکاتێك منداڵ یان کوڕ گەیشتە ئەو ئاستەی لە تەمەن و ئەو گۆڕانکارییەی هەست پێ کرا لە جەستەی، پێی دەگوترێت پێگەیشتووە (بلوغ) بووە، کەواتە وشەی (بلوغ)، بریتییە لە تێپەڕینی کۆمەڵێك کاتە، کاتەکانیش هەموو پەیوەستە بەیەکەوە، ناوبڕەی تێدا نییە، تاکو دەگاتە ئاستێك، کۆی گرتەی یەکەمی پێش لە (بلوغ)ەکە لەگەڵ کۆتا گرتەی دوای (بلوغ) تێکەڵ یەك بکەیت، ئەو کاتە جیاوازییەکی زۆری لێ دەدۆزیتەوە، هەست دەکەیت منداڵ کرداریيانە لە تەمەنی پێج ساڵی یەکەمی منداڵەکە هەموو ئەندامەکانی جەستەی لەگەڵ دوای (بلوغ)ی ئەگەر بەراووردی بکەی ئەوا جیاوازییەکی زۆری تێدا هەیە، ئەوەیە فیلمی وشەی (بلوغ) لە قورئان، زمانی عەرەبی ئەو وشەی زۆر بەکار هێناوە، ئەگەر هاتوو بەم جۆرەش لێ تێنەگەیت ئەوا مافی خۆی پێ نادرێت، کاتێکیش ئەو مافەی نەدرا ئەوا ئەو وێنە بەجەستە و تەندارەی کە پێویستە دروست ببێت لە هزر (ذهن)ی مرۆڤ، دروست نابێت، کاتێکیش ئەو وێنەیە دروست نەبوو ئەوا هەڵویستی مرۆڤەکەی بەرامبەر وشەکە یان بەرامبەر وێنەکەی کە دروست بوو هەڵوێستێکی ڕاست و دروست نابێت، واتە هەڵوێستەکە لەسە وێنە دروستبووەکە بینا دەکرێت، ئەگەر بچینە خزمەت فەرهەنگ (معجم)، وشەی (بلوغ) لە پێگەشتنی تەمەن (بلوغ السن) هاتووە (سن البلوغ)، یاخود بە مانای ئەوەی بەهۆیەوە دەگەیتە ئامانج لەم ئیشەدا (الی مایتوصل به الی الغایة في هذا الأمر)، واتە ئەو حاڵەتەیە کەوا مرۆڤ لە خاڵی یەکەم لە هەر ئیشێك تاکو دەگاتە کۆتاییەکەی، یان دەگاتە ئامانجەکەی، ئائەو ماوەیە پێی دەگوترێت (بلوغ). (بلغ الولد أشده) واتە (وصل سن الرجولة و الكمال) بە مانای گەیشتە تەمەنی پیاوەتی و تەواویی، گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن(بلغ سن الرشد) ئەمە هەمووی ڕاڤەکردنی وشەی (بلاغ)، (بلغ الغلام) واتە (بلغ سن الرشد) بە مانی گەیشتە ساڵی پێگەیشتن، واتە ئەمانە هەریەکە بە مانای تایبەتی خۆی بەکارهاتووە لە زمانی عەرەبی، نەخۆشییەکە گەیاندییە ئاستێك (بلغ به المرض حدا) واتە نەخۆشییەکەی مەترسیدار بووە (أصبح مرضه خطيرا)، (جرح بالغ) واتە برینێکی قوڵ (جرح عميق).

## چ کاتێك ناڕێکی لە پێگەیشن دروست دەبێت؟

## هەرشتێك یان هەر بابەتێك و هەر کێشەیەك یان هەر وشەیەك کە بلوغی لەگەڵ بەکارهات مانای چی دەگەیەنێت؟

ئەگەر تەماشای ئەندازەگیریی هەریەك لە وشەکان بکەین، وشەی (بلغ الغلام) ئەوەتا بەسەرچوونی کاتی تێدا هەیە، وەك وەسمان کرد ئەو منداڵەی کە پێنج ساڵانە بوو، جا چ کور چ کچ کاتێکی دوێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی باسمان کرد، لۆ نموونە کەسێك بێنین کە تەمەنی پێنج ساڵە، تاکو دەگاتە (18) ساڵی هەمان کەس، کە قۆناغی پێگەیشتن (بلوغ)ە، یەك کۆمەڵ گۆڕانکای لە جەستەی ئەو کەسەدا پەیدا دەبێت، کاریگەری سەرەکی پێویست لێرە کاتەکەیە، ئەو مەودا کاتییەیە لە پێنج ساڵی تاکو (18) ساڵیی، کاتەکەش هەمووی پەیوەستە بەیەکەوە و پارچە پارچە بەستراوەتەوە بەیەکەوە، واتە هەر پچڕانێك لێرە دروست ببێت ئەو پێگەیشتن(بلوغ)ەکە کەموکوڕی تێ دەکەوێت، لە ساتی گەشەسەندنی جەسەتەی، ئەگەر تووشی نەخۆشییەکی جەستەی ببێت لەوانەیە پێگەیشتنی لێرە کەم ببێت، لۆیە کورتە باڵاکان حاڵەتێکن لەم حاڵەتانەی کەوا لێرە باسی دەکەین، (بلوغ) کاتەکەیە، هەرشتێك یان هەر بابەتێك و هەر کێشەیەك یان هەر وشەیەك کە بلوغی لەگەڵ بەکارهات واتە کاتی تێدایە، و کاتەکەش بەیەکەوە بەستراوە و پاچە پارچە لە تەنیشت یەکەوەیە، تاکو دەگاتە ئەنجام، هەر وشەیەك لێرە وەری بگریت، کاتی تێدا هەیە، لۆ نموونە دەگوترێت (ما يتوصل به الى الغاية) کابرایەك نەخشەی هەیە و لۆخۆی داڕشتووە لۆ نموونە گەنجێك دەیەوێت ببێتە دکتۆر، یان گەنجێك دەیەوێت کچێك بخوازێت، ئەمانەی لۆخۆی داناوە، ئەمە پێی دەگوترێت ئامانج، هەڵبەتە ئیش لۆ ئەو ئامانجەی دەکات، ئەمەش کاتی دەوێت، بەمە دەگوترێت نەخشەی هەیە، لەم نەخشەیە کات دەبڕێت، کۆششی تێدا ئەنجام دەدات تاکو بگاتە هیوا و

ئامانجی خۆی، لەم کاروبارانەی کە وشەی (بلوغ)ی تێدا بەکاردێت هیچێکیان بازدانی تێدا نییە، ئەگەر بێین توێکاری لۆ وشەکان بکەین، ئەوا (60%)ی پەیوەستە بە کات، کات وا دەکات ئەم هۆکارە سەرەکییەی تێدا دروست ببێت، تەنانەت کە ئافرەت چێشت ئامادە دەکات، کاتێك لەسەر چێشت لێنەری دادەنێت یەکسەر ئاگرەکەی زیاد ناکات، ئاگرێك بە شێنەیی و لەسەرخۆیی، لۆئەوەی چێشتەکە هێدی هێدی پێبگات، ئەگەر ئاگرەکەی زیاد بکەن ئەوکاتە ژێرەوەی مەنجەڵەکە دەسوتێت و سەرەوەی بە نەکوڵاوی دەمێنێتەوە، بەمەش دەگوترێت (بلوغ)، ئەمە بریتی بوو لە کۆمەڵێك لە ماناکانی وشەی (بلوغ).

## لە قورئان لە دەرگەدان پەیوەست کراوە بە وشەی (بَلَغَ)

لێرەدا دەمانەوێت پشکی پێغەمبەرمان لەم وشەیە چەندێکە؟ و لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی چی کردووە، لەم ئایەتە دەفەرموێت: (وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)(النور59) تاکو تەمەنی نزیکە سێ یان چوار ساڵ هیچ وێنەیەکی لە مێشکدا نییە، بەڵام هەر کاتێك منداڵ گەیشتە ئاستی (بلوغ) دەبێت بەر لە هاتنە ژوور لە دەرگە بدات، لۆ دەبێ وا بکات؟ چونکە وێنەی لە مێشکدا هەیە، تەنانەت لۆ دایك و باوکی لە ماڵەوە، یان خوشکی یان تەنانەت براکەشی، لە قورئان ناشێت یەکسەر دەرگە بکاتەوە و بچێتە ژوورەوە، ناکرێت کە دەرگەکەی کردەوە و حاڵەتەکەی بینی ئینجا بڵێت ببورە، لە قورئاندا شتی لەم جۆرە نییە، بەڵکو دەبێت لە دەرگە بدات، هەر کاتێك گوێی لە دەنگ بوو پێی گوترا فەرموو ئینجا دەرگەکە دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە، کەچی لە نێو عورف و نەریتی ئێمە وا باوە دەرگەی دەروەش نابێت دابخرێت، لە هەندێ جێگە دەرگەی حەمامیش داناخەن.

## ئەگەر منداڵێکی تەمەن دوو کاتژمێری پاچەی دەرخوارد نەدرێت

## ئایا دەشێت مرۆڤێك کە تازە دەیەوێت ئیمانییانە پێبگەیەنرێت دەبێت لە لایەن خودای ڕحمان بە قەد ئەو منداڵە ڕەچاو نەکرێت لە مادده پێدانی ئیمانییانە

ئایەتی دووەم دەفەرموێت"(قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِراً وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيّاً)(مريم8) دیسان کات پشکێکی سەرەکییە لە گەورەبوونی تەمەنی مرۆڤ، ئەی پێغەمبەرمان ئەوەتا وشەکەی لۆ بەکارهێنراوە کە دەفەرمووێت: (فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ وَإِنَّا إِذَا أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ الْإِنسَانَ كَفُورٌ)(الشورى48) یان دەفەرمووێت: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ)(التغابن12) واتە پێغەمبەرمان (بەبێ وێکچوواندن) وەکو منداڵێك تەمەن یەك ساڵی کە چ جۆرە خواردنێکی پێویستە لە تەمەنی یەك ساڵی، یان چ جۆرە چاودێرییەکی دەوێت لە تەمەنی یەك ساڵی، بە هەمان شێوە پێغەمبەریش لە تەمەنی یەك ساڵی ئەو نەتەوەیە ئەم ماددەیەی دەداتێ، لەلای ئەو خۆشکانەی کەوا منداڵەکانیان بە شیری سینگیان گۆشداوە، هەستیان بەوە کردووە کە بە تایبەتی لە کاتژمێرەکانی یەکەمی منداڵەکەی هەر دوو کاتژمێر جارێك پێکهاتەی شیرەکەیان دەگۆڕێت، بێگومان بە گوێرەی پێویستی جەستەیی منداڵکەی، (بەبێ وێکچوواندن) ئەگەر پێغەمبەرمان وا هەژمار بکەین کەوا نەتەوەکەی تازە لە دایك بووە یان بە مانایەکی دی تازە ئیمانییانە دێتە دونیاو لە دایك دەبێت، جا کە ماددەی دەداتێ، وەکو هەمان ئەو منداڵە یەك ساڵییە، ئەگەر دایکێك بێت پاچەی بدات بەم منداڵە تەمەن دوو کاتژمێرییە، ئەوا تووشی ژەهراویی بوونی دەکات، بەهەمان شێوە نابێت پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) هەڵسێت پاچە بدات بەم مندڵەی کەوا ئیمانییانە تازە لە دایك بووە، بەڵکو دەبێت شیرێکی پێ بدات کەوا لەگەڵ پێکهاتەی جەستەی بگونجێت،

## ئایا ڕیزبەندیی دابەزینی قورئانی پیرۆز (ترتیب نزول القرآن الكريم) لە ڕووی بنیاتنانی ئیمانەوە چی پێشکەش بە دڵەکان دەکات؟

لۆیە بە داخەوە (کە ئەمە بابەتێکی گرنگە) زانایان ڕیزبەندی دابەزینی قورئان (ترتیب نزول القرآن) کە کات (زمن) تێیدا کاریگەرییەکی زۆر گرنگە کەچی ئەوان فەرامۆشیان کردووە! ڕیزبەندیی قورئان (ترتیب نزول القرآن) کە لە ماوەی (23) ساڵ قورئان دابەزیوە، خودای ڕەحمان خۆی باڵادەست (متحکم) بووە بەم ڕیزبەندی دابەزاندنە لە ڕووی:

**یەکەم:** خودای ڕەحمان باڵادەست بوو لەسەر کات لۆ دانان (تزمین)ی دابەزاندن.

**دووەم:** بە هەمان شێوە خودای ڕەحمان باڵادەست بووە لەسەر پێکاتەی خودی ئەو ماددانەی کە دەبێت دابەزێت واتە چی دابەزێت، بەبێ ئەوەی جبریل(علیه السلام) ئاگاداربێت، وەك ئەوەی پێویستیی لە دایکبوونی ئیمانیی گرۆ(جمع)ی ئیماندارانی یەکەم چی بووە هەربەم جۆرە خودای ڕەحمان لۆیانی دابەزاندووە. جا لۆیە کاتێك زانایانمان ئەم ڕەهەندە و ڕیزبەندیی دابەزینیان فەرامۆش کرد ئەنجامەکەی ئەوەبوو نەتەوەی ئیمانیی تووشی نەزۆکی بوو!

ئەگەر تەماشا بکەن باسی عێراق دەکات، فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ)(الشورى48) کەواتە بە کردارییانە لەگەڵ (ئەبو بەکر) چۆنە دەبێ لەگەڵ (ئەبو لەهەب)یش بە هەمان شێوە بێت، بە هەمان شێواز، بە هەمان شێوە هەروەك چۆن بە (ئەبو بەکر) دەدات، دەبێ بەهەمان شێوەش بیداتە (ئەبو لەهەب)، بە هەمان ئاواز و بە هەمان دەنگ، تەنانەت کاتێك دەموچاوی پێغەمبەر جووڵە پێ دەکات، ئەو وشانەی کەوا باسی دەکات، ئەو بڕە وشانە، هەروەها ئەو بڕە کاتەی کە بەکاری دێنێت لە گەڵیاندا دەبێ هەمووی یەك ئاست بێت، کەمێك ماوە بڵێین هەمووی یەکسان بێت، چونکە ئەگەر وا نەکات لەوانەیە لە ڕۆژی قیامەت (ئەبو لەهەب) بیانووی هەبێت بڵێت ئەی پەروەردگارە پێغەمبەرەکەت وەکو (ئەبو بەکر)ی لەگەڵدا نەکردووەمە، ئەگەر وەکو (ئەبو بەکر)ی لۆ کردبام ئەوا منیش دەبووەمە ئەبو بەکری دووەم، جا لۆیە دەبێ پێغەمبەرمان هەموو قۆناغەکانی ژیان ئیمانیی (الحياة الإيمانية) وەکو منداڵەکەی چاودێرییان بکات، هەر لەبەرئەمەیە کاتێك تەماشای (23) ساڵی دابەزینی قورئان دەکەیت هەر هەمووی جیاوازە، لە (13) ساڵی یەکەمی خستنەڕووی قورئانیی جیاوازە، تا ئەو کاتەی ئەگەر تێبینی بکەیت تا ئەو کاتەی دەبێتە چەرخی مەدینەیی دەبێتە سێ بەش، ئەوەی زانایان ناویان ناوە چەرخ(عهد)ی مەککەیی، خۆی (13)یە، ئەگەر لێی وردبییەوە خستنەڕووی قورئانی چەرخی مەککەیی لە قورئان بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە، کەواتە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) سێ جۆر توێژی هەبووە:

**توێژی یەکەم:** هەروەك ئەوەی منداڵە، لە دایك بووە بەڵام منداڵەکە نەخۆشە، دەبێت بە چاوی نەخۆش سەیری بکرێت و ماددەی نەخۆشیی بدرێتێ، وەکو دەرمان تاکو چارەسەری بێت.

**توێژی دووەم:** ئەوانە کۆمەڵێك لە ئیماندارانن کە دەبێت پلە بە پلە و بە هێمنی لەگەڵیان بڕوات.

**توێژی سێیەم:** ئەوانە توێژێکن باکگراوندێکی ئیمانیی و باکگراوندێکی زانستی ئاینییان هەیە، ئەوانە هاوەڵ بڕیاردەر (مشرك)ەکانن و کافرەکانن، هەروەها گرۆی ئیماندارانە، لێرەش کۆمەڵێك هەنە، کە قورئان ناویانی ناوە بە خاوەن پەرتووکەکان (أهل الكتاب)، کە (13) ساڵ گفتوگۆی لەگەڵیان هەبووە، ئەوانەش کۆمەڵێکی دین.

## خستەڕوو (طرح)ی ماددەی ئاینی پێغەمبەر بۆ خەڵکی بە کۆمەڵ زۆر زۆر کەمە

## بەڵام زۆربەی زۆری خستنەڕووەکانی لە ئاستی تاکەکەس و دوو کەسیی بووە

لەگەڵ هەرسێ کۆمەڵ بە قۆناغی پێڕاگەیاندن (البلاغ) دا چووە، لەگەڵ هەریەکەیان بە ڕێگەی پێویستی خۆی و بەگوێرەی پێداویستییەکانی خۆی، بەهەمان شێوە لەگەڵ دوو بەشەکەی تریش هەر یەکەو بە گوێرەی پێداویستییەکانی خۆیان، پێڕاگەیاندنی لەگەڵ ئەنجامداون، واتە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لەبەرئەوەی ئامێرەکەی ناوەوەی ئیشی کردووە، پێغەمبەرمان (سمع و بصر و فؤاد)ی بە تەواوەتی ئیشی کردووە، لۆیە کاتێك هاتووە و ماددەی خستووەتە ڕوو لەگەڵ هەرسێ بەشەکەی باسمان کرد، کە تەماشای کردووە هەستی کردووە ئەو ناخە و ژووریی کەسەکە چی دەوێت، بە گوێرەی ناوەوەی وان ماددەی داونەتێ، جا لەبەرئەوەیە خستنەڕوو(طرح)ی گشتییانەی پێغەمبەرمان کەمە، واتە کۆڕ و دانیشتنی گشتی پێغەمبەرمان کەم بووە، تەنیا گفتوگۆی کەسی یان دوو کەسی، لۆ ئەوەی بتوانێ بە گوێرەی پێداویستی کەسەکە قسە بکات، (وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً)(النساء63)(قَوْلاً بَلِيغاً)، دەروونی مرۆڤەکەی دەبێ دیاری بکات، دەبێ دەروونی مرۆڤەکەی دەستنیشان بکات کە ئایا لە چ ئاستێك دایە، و پێداویستیی چییە، و بە چ بەرز دەبێتەوە و خاڵی لاوازی چییە و وای لێ دەکات بکەوێت؟ ئەمانە هەمووی وەکو ( نبي و رسول) لێکیان بداتەوە و ئینجا بەم جۆرە قسەی لەگەڵدا بکات، ئەگەر بەم جۆرەی نەکر ئەوا کەموکوڕی کردووە! لۆیە دەفەرموێت"(وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً)(النساء63) ئەوەتا هەمان وشەی (بلاغ)ی لۆ بەکارهێناوە، لە بڕگەی دووەم دەفەرموێت"(إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ)(الأنبياء106) (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)(الأنبياء107) کەواتە ئەو پێڕاگەیاندنەی لۆ ئەو توێژەی بریتییە لە لوتکەی ڕەحمەت، (فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ) ئەوەتا ئەوە بەشەکەی ترە تازە باسمان کرد، (أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ)(آل عمران20).

## پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) هیچ کاتێك کەسی بە دوژمنی خۆی هەژمار نەکردووە

## بەڵکو کەسانێك هەبوون ئەویان بە دوژمن خۆیان هەژمارکردووە

واتە تەنانەت یەکێکی وەکو (ئەبو لەهەب)ی کە ئایەتی لەسەر هاتوتە خوارەوە: (تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ)(المسد1)، ئایا پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەبێ خستنەڕوو (طرح)ی لەسەر (ئەبو لەهەبی) ببڕێت؟ لە وەڵام نەخێر، ئەو مافەی نییە، بەڵکو پێغەمبەرمان دەبێ بڵێت ئەوە دەستنیشانکردنێکی خوابیانەیە، خودای ڕحمان ئەبو لەهەبی بەم جۆرە هەڵسەنگاندووە، پەیوەندی بەمنەوە نییە، من وەکو پێغەمبەر (مبلغ) دەبێ هەر هەڵسم بە تەبلیغ کردنی، بەبێ وێکچواندن نەخۆش هەیە دکتور دەزانێ ئەوە دەمرێت، تەندروستییانە پێ دەگوترێت (الموت السريري)، دەزانێت ئەو نەخۆشە تەنیا شەش مانگی ماوە، جاروبار دەڵێت تەنیا سێ ڕۆژی ماوە، بەڵام چارەسەری لۆ ماوەی سێ مانگ لۆ دەنوسێت! گرنگیپێدانی سێ مانگ یان زیاتری پێ دەدات، لۆ؟ چونکە ئەو دکتورە و دەبێ دکتورێتی خۆی ئەنجام بدات، پەیوەندی بەمەوە نییە کەوا ئەو نەخۆشە دوای سێ ڕۆژ دەمرێت یاخو نا، ئەمە چەمکی پەیامی دکتورە، جا ئەگەر کابرای دکتور وابێت ئەی دەبێ پەیامی پێغەمبەرمان چ جۆرێك بێت، لۆیە تەماشا بکەن هەموو کاتێك لەگەڵ (ئەبو لەهەب) بە خووڕەوشت بووە، هەمو کاتێکیش لە چەرخی مەدینەیی (العهد المدني) لەگەڵ دووڕووان بە خووڕەوشت بووە، کەسێکی وەك (عبدالله بن أبي بن سلول) کە سەری دووڕووان بوو، گەورەترین دوژمنی پێغەمبەر بوو، نەك پێغەمبەر ئەوی بە دوژمن گرتبێت، ئاگاداری ئەم خاڵە بن، پێغەمبەر لە ڕوانگەی خۆیە وە هەرگیز دوژمنی نەبووە، بەڵام کەسانێك خۆیان ئەویان بە دوژمن هەژمار کردووە! جا گەورەترین دوژمنی پێغەمبەر کە پێشتر باسی هەڵوێستی پێغەمبەرم کرد بەرامبەری چۆن بوو، کە ئەو پێغەمبەری بە دوژمنی خۆی دەزانی، جا ئەمە چڵەپۆپەی مامەڵەکردنی ئەرێنییە، کەچی لۆ زانین ئەو دەزانێت ناوەوەی (عبدالله ی کوری سەلول) کە وەك گۆشتێکی بۆگەن بووبێت وابوو و کەلکی ئەوەی نییە هیوای ڕێنموونی لێ بکرێت، بەڵام لە (ئەبو بەکر) زیاتر سور بوو لۆ مامەڵەی ئەرێنی لەگەڵی، لۆ؟ چونکە پێغەمبەرە و پەیامبەرە (رسول و نبي)، پێویستە بەم شێوەیە مامەڵە بکات، جا ئەگەر لەگەڵ ئەوانەی کەوا کرداربیانە هاوەڵ بڕیاردەر و دووڕوو و تاوانبار بووبن مامەڵەی بەم شێوەیە بووبێت ئەی لەگەڵ ئیمانداران مامەڵەی چۆن بووە؟

## کاتێك خودای جیهانییان(ﷻ) بە شێوەیەك قسە ئاراستەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) دەکات

## وەك ئەوەیە لە بووندا تەنیا پێغەمبەرەکەی هەیە و بەس

دێنینە خزمەت زاراوەیەکی دی ئەویش وشەی پەروەردگارە (رب)ە، بەڵام بە چ پیتێك؟ بە پیتی (کاف) پەروەردگارت (رَبِّكَ)، ئەم پیتی (ك)ە هەموو مانای وشەی (رب)ەکەی دەگۆڕێت، چۆن؟ کاتێك هاوڕێیەکت ببینیت و بتەوێت سڵاوی لێبکەیت ئایا چی پێ دەڵێیت؟ دەگوترێت (السلام عليكم)، لێی دەپرسیت" تەندروستیت چۆنە؟ (كيف صحتك؟) یان ئەحواڵت چۆنە؟(كيف أحوالك؟)، ئەمە کاتێك ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ دەکەیت، بەڵام ئەگەر لە جێگەیەکی دوور بێت، ئەوا دەبێت کەسی سێیەم لە نێوانتان بێت، ئەو کاتە لەم دەپرسیت حاڵی چۆنە؟ (كيف أحواله؟)، خودای ڕەحمان لێرەدا بە شێوازێکی سەیر و نامۆ مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەرمان دەکات، (بەبێ وێکچوواندن) وەك ئەوەی لە نێو بووندا و لە نێو هەموو مەخلوقات کەس نییە تەنیا پێغەمبەرمان نەبێت، گوفتاری پەروەردگاریيانە بە هەموو ناوەکان و کردارە ئەرێنییەکان بە هەموو توانای خۆی دێت و مامەڵە لەگەڵ کەسێك یا بەندەیەك دەکات، ئەویش پێغەمبەرمانە، ئینجا رب العالمين بەم بەندەیەی دەڵێت (ربك)، واتە وەك ئەوەی لە نێو بووندا هیچ شتێك نییە تەنیا ئەو بەندەیە نەبێت، ئەگەر کەسێکی دی هەبووایا دەبوا بڵێت (ربكما)، ئەگەر سێ کەس بوونایا دەبوا بڵێت (ربكم)، ئایەتمان هەیە خودای ڕەحمان وشەی (ربكم) بەکاردێنێت، (رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ)(الإسراء25)، دەیەها ئایەتی لەم جۆرەمان هەیە، ئەگەر دوو کەس بوونایا ئەوا گوفتارەکە دەبوویە: (ربكما)، کەواتە لە نێو بووندا کەسەکان بەگوێرەی خودای ڕەحمان تەنیا ئا ئەو نەفەرە هەیە کە قسەی ئاراستە بکات، کەواتە هەموو قورسایی و هەموو گرنگیپێدانێکی هەموو پایەدارییەکی خودای ڕەحمان لۆ پێغەمبەرمانە، لۆیە دەفەرموویێت: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً)(النساء65)، (فَلاَ وَرَبِّكَ) بێینە خزمەت وشەی (رَبِّكَ)، گفتوگۆی ڕاستەخۆ و ئاماژەی ڕاستەخۆ لۆ خودی پێغەمبەرمانە، واتە (بەبێ وێکچوواندن) پێغەمبەرمان لامان وەستا بێت، گۆی زەوی هەمووی ئیماندار بن، وەك ئەوەی خودای ڕەحمان هەمووانی جێ هێشتووە و ڕووی لە پێغەمبەر کردووە: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ) هەمووی هەن، ئایا دێتە بەرچاوتان حاڵەتەکە چۆنە؟ وەك ئەوەی (بەبێ

وێکچوواندن) ئیمانداران هیچیان بوونیان نییە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەسەڵات (حکم)یش دەدات بەوەوە، (يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ)، وەك ئەوە وایە ئەوان نین، ئینجا تەواوی دەکات: (ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً)، ئەگەر ئایەتەکە سەیر بکەینەوە بەم جۆرەیە: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً)(النساء65)، بێگومان ئەمە لە بوونی پێغەمبەرە، ئەی لە دوای پێغەمبەر؟ بێگومان هەمان حوکمە، وەك ئەوەی وایە (بەبێ وێکچوواندن) باوکێك حەوت کوڕی هەبێت، وەك ئەوەی خاڵە ئەرێنییەکانی هەموویان لە یەکێکیان کۆ بووبێتەوە، هەموو گرنگییەکانی بدات بەو، خودای ڕەحمان هەر لە قورئاندا (25) پێغەمبەری هەیە، لە فەرمووده سەد و بیست هەزار پێغەمبەر زیاتری هەیە، وەك ئەوەی ئەمانە هەمووی بەلایەك و گرنگپێدانەکانی خودای ڕەحمان بە پێغەمبەرمان بە لایەکی دی.

**مانای وشەی پەروەردگار (رب) لە زمانی عەرەبی چییە؟**

**و ئایا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە خودای ڕەحمان نزیکە؟**

**یان خودای ڕەحمان لە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) نزیکە، چونکە**

**هەر حاڵەتێك جیایە لەویتریان**

جا لۆیە وشەی (رب) پێناسە بکەین، پێناسەی (رب كل شيء) (أي مالكه و مستحقه و قيل صاحبه)، و يقال فلان رب هذا الشيء أي ملكه له، واتە (تملکه)، و كل من ملك شيئا فهو ربه، يقال هو رب دابة و رب الدار، و فلان رب البيت، وەك دەفەرموێت:( فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ)(قريش3)، لە زماندا هاتووە:(و يطلق على المالك و السيد و المدبر و المربي و القيم و المنعم) ئەمانە هەمووی ماناکانی وشەی (رب)ن، واتە خودایەك(ﷻ) ئەم هەموو کردارە ئەرێنییانەی هەبێت، ئەم هەموو (أسماء)ە ئەرێنییانەی هەبێت و بێت بە (کاف – ك) قسە ئاراستەی پێغەمبەرمان بکات، واتە هەموو (ألطاف و رحمات)ی چڕ کردۆتەوە لەسەر ئەم پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات)، لە نێو قورئان دا جۆرە نزیکییەکی سەیر هەیە ، جا ئەوەی لە خزمەت پێغەمبەر بووبێت هەست دەکات نەك پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە خودای نزیکە، نەخێر، بەڵکو خودای ڕەحمان لە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نزیکە، حاڵەتەکە جیاوازە، بە گوێرەی پێغەمبەران ئەوان وا دەڵێن (رَّبُّكُمْ أَعْلَم)(الإسراء54) (رَّبُّكُمْ...) وا دەکات...، پێغەمبەرەکە لە خودای نزیکە، بەڵام هەرچی پێغەمبەرمانە نەخێر خودای ڕەحمان لە پێغەمبەرمان نزیکە، زۆربەی ئایەتەکان بەم جۆرەن، لۆ نموونە: (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ)(النحل125) لۆ زانین (سبیل) هی خودایە(ﷻ) لۆ ئەو تایبەتمەندییەی دەداتێ؟ لۆ پێغەمبەری پەیوەست دەکات لە بابەتی (سبیل)، زانراوە کە بابەتەکە هی خودایە (سبیل) هی خودایە، دەتانی بڵێت (سبيل الله)، (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)(النحل125) دیسان (رَبَّكَ)، واتە خودا لە پێغەمبەر زۆر نزیکە، ڕاستە پێغەمبەر لە خودای نزیکە، بەڵام خودا چەند لە پێغەمبەر نزیکە؟

گوتمان (رب) ئەم کۆمەڵە مانایانەی هەبوو، وەك لەم ئایەتەش هاتووە: (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ)(الحجر98) لەبەرچی نەیگوتووە: (فسبح بحمد الله و كن من الساجدين) لێرە وشەی (حمد) لۆ خودایە، ئێمە نالێین: (الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة2) یان دەڵێین (سبحان الله) ئەی لۆ لێرە (رب)ە؟ چونکە خودای ڕەحمان دەیەوێت خۆی زۆر نزیك لە پێغەمبەر نیشان بدات، دەی خودا ئەوەندە لێی نزیکە ئینجا (تسبیح) دەکات، سەرەڕای ئەوەش (تحمید) دەکات، واتە (سبحان الله) لەگەڵ (سبحان ربي الأعلى) زۆری جیاوازە، (سبحان الله) شتێکە و نێوان ئێمە و نێوانی رب العالمين جیاوازییەك هەیە، بەڵام کە دەڵێین (سبحان ربي ألأعلى) وەك ئەوە وایە کە نزیکییەك هەیە لە نێوان خودا لۆ پێغەمبەرەکەی، پێشتریش گوتمان (كيف صحتك؟)، کاتێك دوو کەس وەستاون قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن لە زمانی عەرەبی، یەکێکیان بەوەی دی دەڵێت تەندروستیت چۆنە؟ دەبێت هەردووکیا یەکتر ببینن، هەردووکیان هەست بە بوونی یەکتر بکەن، هەردووکیان تا ڕادەیەك لە ئاستی یەکتر بن، و کۆمەڵێك سیفاتی دیش هەیە، لۆیە ئەویان بەوەی دی دەڵێت (كيف صحتك؟) یان (كيف أحوالك) (بەبێ وێکچوواندن) وەك ئەوەی ماناکە وایە کە رب العالمين بە هەموو توانای خۆی بە چەمکی پەروەردگاریەتییەکەی(ربوبية) دێت مامەڵە لەگەڵ بەندەیەکی دەکات کە ناوی (رسول الله)یە، لەم ئاستەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئینجا لەمە خۆشتر و سەیرتر ئەوەیە خودا خۆی لە پێغەمبەر نزیك دەکات، پێی دەفەرموێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ)(العلق1)، دەیتوانی بفەرموێ(اقْرَأْ بِاسْمِ الله) بەڵام لۆ وای نەفەرموو؟ هەر لە سات و گرتەی یەکەم کردارییانە هەستی پێ کرد کە من لە تۆ نزیکم! من لەگەڵ تۆم، نەك هەر کاتێك تۆ ویستت ئەوا من لەگەڵتم، نەخێر، من لەگەڵتم، پێشتریش لەگەڵت بووم، واتە ئێمە دەڵێین (يا الله) خودای ڕەحمان دەفەرموێت (لبيك عبدي)، بەڵام

پێغەمبەر ئەوەی پێویست نییە بەر لەوەی بڵێت (یا الله) رب العالمین لەگەڵیتی، واتە هەموو کات و ساتێك رب العالمین بە هەموو ئەرێنییەکانی لەگەڵ پێغەمبەر دایە، لۆیە ئەگەر سەیری قورئان بکەیت ساتە وەختی زۆر نالەبار هەیە ، لۆ نموونە لە غەزای (حونەین) یاخود لە غەزوەی (ئوحود) یاران هەموو بە جێیان هێشت! (وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا)(الأحزاب10) ئەمە گرۆی ئیمانداران، دەی لەم ستە وەختەیدا خودای ڕەحمان وازی لە پێغەمبەر نەهێنا بوو، کە سەری بەرز دەکرد (رب العالمین)ی دەبینی، لۆیە هیچ ساتێك پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هەستی بە لاوازیی نەکردووە، ئەو هەموو کاتێك فریشتەکانی دەبینی، (بصر)ی پێغەمبەرمان ئەوەهابو بە (فؤاد) هەموو کاتێك فریشتەکانی دەبینی، لۆ زانیاری فریشتەی لەلا گرنگ نییە، لەبەرئەوەی هەموو کاتێك لە خزمەت خودایە و هەموو کاتێك لە خزمەت خودا دەجولێتەوە، لۆیە هیچ کاتێك پێغەمبەرمان خۆی لە رب العالمین بە دوور نەبینیوە، لۆ؟ چونکە رب العالمین هەموو کاتێك لەگەڵی بووە، و هەموو ساتێك لەگەڵی بووە، جا لەبەر ئەوەیە وشەی (رب) و پیتی (ك) لەگەڵ یەکەوە ئەو مانایەی هەیە، و ئەوەیە ئەم بەرجەستەییەی دەداتە حاڵەتی جۆریی نێوان خودای ڕەحمان و پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات).

## داواکردنی مەقامی (الوسیلە) لە لایەن پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)

## بۆ خودی خۆیەتی؟ یان بۆ ئوممەتەکەیە؟

(أَقِمِ الصَّلاَةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُوداً * وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَاماً مَّحْمُوداً)(الإسراء78-79) دەپرسین ئایا ئەو وشەی (عَسَى)یەی پێویست بوو لێرە؟ یان لێرە مانای ئەو (عَسَى)یەی چییە؟ بێگومان لەبەر لەلوتکەیبوونی ڕەوشتی پێغەمبەر لە خزمەت خودای ڕەحمان دەفەرمووێت: (ئەوەی بانگی گوێ لێ بوو... دوعایەك دەکات کە ناونراوە بە دوعای (الوسیلة) (اللهم رب هذه الدعوه التامة و الصلاة القائمة آت محمدا الوسیلة و الفضیلة و أبعثه المقام المحمود الذي وعدته) ئەم شتانەی باسی دەکەم پێویستە وەك ئەوەی دەیڵێم لێم تێیگەن) پێغەمبەرمان لە فەرمووده دوعای کردووە، (من سأل لي الوسیلة حلت له شفاعتي یوم القیامة)، کەواتە داوای کرووە ئێمە دوعای لۆ بکەین، (عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَاماً مَّحْمُوداً) ئەم وشەی (عَسَى)یە ئەگەر لە خودایەوە بوو واتا تحقیق دەکات، ئەی خودای ڕەحمان بەڵێنی نەداوەتی ئەم پلە وپایەیەی بداتێ؟ ئەی لەبەرچی گرۆی ئیمانداران لێرە دوعای لۆ دەکەن؟ ئایا ئێمە لەم ئاستەین کەوا دوعا بکەین لە رب العالمین کەوا پێغەمبەرمان ئەم مەقامەی بدرێتێ؟ (بەبێ وێکچوواندن) و حاشاکی پلەو پایەی وان ئایا مەنتیقییە فەرمانبەرێکی شارەوانی (کەناس)ێك بچێتە لای بەرێوەبەری شارەوانی مۆڵەت لۆ پارێزگار وەربگرێت! حاڵەتەکە دێتە بەرچاوتان؟ پێغەمبەرمان داوا لە گرۆی ئیمانداران دەکات دەڵێت دوعام لۆ بکەن، دوعای چی؟ خودا مەقامی مەحمودی پێ بدات، لۆ زانیاری خودای ڕەحمان مەقامی مەحمودی داوەتێ! ئەی لۆ بەم شێوەیەیە؟ وەك لە فەرموودەکە هاتووە: (إذا سمعتم المؤذن فقولوا مثلما یقول ثم سلوا الله لي الوسیلة، فمن سئل لي الوسیله حلت له شفاعتي یوم القیامة) لۆ بەم شێوەیەیە؟ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) دوای دوعا دەکات لە گرۆی ئیمانداران لۆ (المقام المحمود)، ئێمە دەزانین ئەم مەقامە یەکەم مەقامە، یەك کورسییە و ڕۆژی دواییش یەك کەس لەسەر ئەو کورسییەی دادەنیشێت، خودای ڕەحمان دەفەرمووێت: ( وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَاماً مَّحْمُوداً)(الإسراء79) (يَبْعَثَكَ) واتە ڕۆژی زیندووکردنەوە، دەپرسین ئەگەر (رَبُّكَ) بە کردارییانە (رَبُّكَ) بێت ئایا ئەم مەقامەی پێ نادات؟ چاکە ئەی ئەوە پێشەکی نییە لۆ ئەم مەقامەی؟ داوای شتێکی لێ دەکات کە پێغەمبەر پێی بکرێت، ئەم مەقامەی دەداتێ، خۆشی (رب)ە ربي رسول الله یە، دەی کەواتە هەڵبەتە ئەم مەقامەی داوەتێ، خۆشی دەڵێت یەك کورسییە، و لۆ یەك کەسیشە، ئێمە هەموو و مرۆڤایەتیش دەزانێت پێغەمبەرمان خاوەنی ئەو پلە و پایەیە، بەڵام لە گرۆی ئیمانداران داوا دەکات داوام لۆ بکەن تاکو بگەم بەم مەقامە! پرسیارەکە لێرەیە، خودا مەقامەکەی داوەتێ، پێغەمبەریش بە دڵنیایی دەزانێت کەوا مەقامەکە هی ئەوە، ئیماندارانیش دەزانن کەوا ئەو مەقامە هی ئەوە، کەچی ئەم داوایەدەکات لە گرۆی ئیمانداران، لۆ؟ وەڵامەکە لە نێو فەرموودەکە خۆیەتی، ئەویش (حلت)، کەواتە ئەو مەقامە درایتە پێغەمبەر، کەواتە عسی لێرە لۆ (ترجي) نییە، (عسی)یەکە لۆ (حتم)ە و لۆ (تحقیق)ە، لۆیە ڕێسای قورئانیی لۆ زمان جیایە لەگەڵ ڕێسای زمان لە دەرەوەی قورئان، جا ئەو ڕێسایە کە پێویستە لۆ زمان دابڕێژرێت پێویستە لە قورئان دەربچێت، نەك لە دەرەوەی قورئان بێت قورئانی پێ چوارچێوە بدرێت! ئەم تێبینییە دەمێکە هەیە، کەواتە (عسی)ەکە لۆ (تحقیق)ە لۆ؟ چونکە وشەی (ربك)ە لێرە ئیش دەکات، مەقامی مەحمودی درایێ، پێغەمبەریش دەزانی ئەوەی ددرێتێ، ئەی لەبەرچی گرۆی ئیمانداران ئەم دوعایەی دەکەن؟ لۆئەوەی

شەفاعەتی پێغەمبەری حەلاڵ بێت لۆیان، لۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵە ئیمانداره شەفاعەتی پێغەمبەرمانی لۆ بگونجێت، گرۆی ئیمانداران لەم ئاستە بن کەوا شەفاعەتەکەیان لۆ بکرێت، کەواتە قازانجەکە لۆ کێیە؟ رب العالمين بە چەمکی (ربك) مامەڵە لەگەڵ مەقامی محمود دەکات، و پێغەمبەر خۆی دەزانێت خۆی خاوەن مەقامە، تەنیا لۆ گرۆی ئیماندارانە، بابەتەکە پێچەوانە بوویەوە، واتە ئەم مەقامەی کە دەداتە پێغەمبەرمان لۆ خودی پێغەمبەرمان نییە، بەڵکو لۆ ئەوەیە کەوا بتوانێت کەسەکان ڕزگار بکات، و شەفاعەتیش حەلاڵ بکات لۆ نەتەوەکەی، ئەمەش پلە و پایەیێکە لە پلە و پایەکانی پێغەمبەرمان.

### کاتێك ئیمانداران بەڵێن دەدەن چاو و گوێی پێغەمبەر (عليه السلام و البركات) بکەن بە پێوەر

بێینە لای وشەی سێیەم کە ئەویش (مبايعة)یە، تەنها پێغەمبەر و تەنها پەیامبەرە لە قورئان کە ئەم وشەی لەگەڵ بەکارهێنرابێت، وشەی (بيع) لە واقیع بە مانای فرۆشتن دێت، تەنها پێغەمبەرە مافی کڕینی شتی هەیە، واتە (بەبێ وێکچوواندن)، ئەو پێغەمبەرەی داناوە لەسەر زەوی ئەگەر خودای ڕەحمان ویستی شتێك لە گرۆی ئیمانداران بکڕێت ئەوا پێغەمبەرەکە ببێتە تاکە بریکاری، (أبن خلدون) زانایەکی مەغریبییە، کە دەڵێت: ( المبايعة: يعني البيع و هي عبارة عن المعاقدة و المعاهدة و المبايعة للمؤمنين هو العهد على الطاعة كأن المبايع يعاهد أميره على أن يسلم له النظر) واتە چاو گوێی دابخات و چاو و گوێی ئەو بەکار بێنێت، تەواوی دەکات و دەڵێت: (في أمر نفسه و أمور المسلمين لا ينازعه في شيء من ذلك) بە هیچ جۆرێك لە ژوورەوەی خۆی هیچی لەگەڵ نەبێت، ( ويطيعه فيما يكلفه به من الأمر على منشط و المكره، واتە ئەمیرەکەی چی پێ گووت دەبێ گوێڕایەڵی بکات لە ژوورەوەی و لە دەرەوەی لەوەی کە پێی خۆشە و لەوەی کە پێی ناخۆشە، ئینجا ( و كانوا إذا بايعوا الأمير و عقدوا عهده جعلو أيديهم في يده، تأكيدا للعهد) ئەمە (مبايعة) لە سەردەمی پێغەمبەر بەم شێوەیە بوو، دەبوو پێغەمبەر دەستی موبارەکی درێژ بکات و گرۆی ئیماندارانیش دەستیان لەسەر دەستی پێغەمبەر دادەنا، زانایانی فیقە زۆرییان هەرچی بەڵێننامە (عقود) هەیە، یان پەیماننامەکان (عهود) هەیە، تەنانەت ئەوەی کڕین و فرۆشتنیش دەبێ دەست لە نێو دەستی یەکتر دابنێن و فرۆشیارەکە بڵێت فرۆشتم، و کڕیارەکەش بڵێت کڕیم، دوو شایەتیش هەبێت ئەو کاتە ڕێکەوتنەکە تەواوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە کڕین و فرۆشتن ئەم دۆخە چەندین جار دووبارەیە ڕۆژانە، جا لەبەر ئەوە زانایانی فیقە ئەوەیان ئاسان کرد و گووتیان مەرج نییە لە هەموو بەڵێننامەیەکی کڕین و فرۆشتن ئەم تەمسیلییە بکرێت، لەبەرئەوەی فرۆشیار و کڕیار ڕازین لەسەر جۆر و نرخی ماددەکە و هەردوکیان ڕازین بە حەلاڵ بوونی ئەو ماددەیە، کە شەرع حەلاڵی کردووە، کەواتە بەڵێننامەکە یان کڕین و فرۆشتنەکە کاری پێ دەکرێت، بەڵام سەردەمی پێغەمبەرمان گرۆی ئیمانداران لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ئایەتانەی کە خودای ڕەحمان کە دەفەرمووێت: (إِنَّ اللَهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ)(التوبة111) جا نوێنەری ئەو (مبايعة)یەی کەسی پێغەمبەرمان دەبوو، کە دادەنیشت گرۆی ئیماندارانیش دەستیان لە نێو دەستی موبارەکی دا دەنا، جا ئەو (بيعة)ە پێکدەهات، جاروبار وا دەبوو لۆ نموونە لە غەزوەی بەدر لە ساتی (مبايعة) کە پێشەوا (عثمان) لم شوێنە نەبوو، پێغەمبەرمان لە جێگەی پێشەوا (عثمان) دەستێکی ڕاگرت و دەستەکەی تری خۆی خستە نێو دەستی خۆی و گووتی ئێوە شایەت بن ئەوە دەستی (عثمان)ە، من (مبايعة)ی لە عثمان وەردەگرم، کەواتە ئەوەی ئامادەش نەبێت ئەوا دەبێ بریکارەکەی (بيعة) بداتە ئەو ئەمیرەی، واتە دەبێ ئەو کردارە بکرێت، جا بەم جۆرە خودای ڕەحمان پێغەمبەرمان دەکاتە بریکاری ڕەهای خۆی، بریکاری تەنهای خۆی، نەك هەر ئەوەیە کەوا (مبايعة)کە لەگەڵ ئەو دادەکرێت، جا مەبەستەکەمان لەمانە ئا ئەو (ك)ە بوو لە وشەی (يُبَايِعُونَكَ) (إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ)(الفتح10) بابەتەکە لێرە پێچەوانە بوویەوە، تۆ دەبیتە نوێنەری ( إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ)(الفتح10)، کە تۆ دەستت بەم شێوەیە دانا وەك ئەوەیە دەستی تۆ دەستی رب العالمين ە، چونکە دەفەرمووێت: (يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ)(الفتح10) ئایا خودای ڕەحمان دەستی داناوە؟ (يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ) واتە پێغەمبەر دەستی دانا، کۆتا دەست دەستی رب العالمين ە، دەستی خودای ڕەحمان لەسەرووی هەموو دەستەکانە، ئینجا ( فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً)(الفتح10) ئەگەر ئەمە بوو دەرەنجامەکەی چییە؟ بریتییە لە"(لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحاً قَرِيباً)(الفتح18) وشەی (البيعة) بەم جۆە بووە، تەنها پێغەمبەر بووە لە نێو بووندا مافی ئەوەی هەبووە کە ببێتە بریکاری خودای لە ساتی کڕین و فرۆشتنی گرۆی ئیمانداران لۆ (أنفس و أموال)یان.

### ئایا ئیماندارانیش دەتوانن (بلاغ) و بانگەواز ئەنجام بدەن؟ کێ و چۆن؟ و بە چ ڕێگەیەك؟

پرسیار: وشەی (البلاغ) لۆ ئیمانداران هاتووە و ئەوان دەتوانن (بلاغ) بکەن؟ ئەگەر هەبێت چۆن پێویستە بیکەن؟

وەڵام: پێویستە بیکەن، بەڵام ئێمە کێشەیەکمان هەیە زۆربەمان خۆمان بە بریکاری خودای داناوە، کەسیشمان ئەو مافەمان نەبووە، لۆ نموونە لە هەموو قورئان کە خودای ڕەحمان ئاماژەی لۆ بانگەواز (دعوة) کردبێت فەرموویەتی: (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ)(النحل125) نەیفەرموو (أدعوا الى الإسلام)، یان (أدعوا الى الطريقة الفلانية) یان (المذهب الفلاني) یان (الحزب الفلاني) یان (الفكر الفلاني)، جا هەموو پێغەمبەران و بە تایبەتی پێغەمبەرمان(عليهم السلام) (قُلْ هَـٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي)(یوسف108)، بانگەواز کردن لۆ الله(ﷻ) دەبێ لە بنەڕەتدا (الله)یەکە لە لای مرۆڤەکە بوونی هەبێت، تاکو بتوانێت بیخاتە ڕوو، چونکە ئەگەر ئەو (الله)یە لەلای خودی خۆی بوونی نەبوو ئەی چۆن دەتوانێت نیشانی کەسانی دی بدات، ئینجا بانگەواز لۆ الله (دعوة الى الله)(ﷻ) دەبێ بە ئیزنی الله(ﷻ) بێت، وەك دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً * وَدَاعِياً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ)(الأحزاب45-46) دەبێ پێغەمبەرمان ئیزنی هەبێت کاتێك دەیەوێت جووڵەیەك بکات لەسەر مرۆڤێك، ئەگەر پێغەمبەرمان ئیزن پێدراو نەبێت و مافی جووڵەی نەبووبێت، جا چ جای ئەوانی ئەمڕۆ کە جوولە دەکەن! جا ئەو کیشەیەمان هەیە، لەبەرئەوەی ئەم شتانەمان نییە ئێمە لەگەڵ داوای لێبوردنەوە پێمان نەکراوە هەڵسین بەو (بلاغ)کردنەی کە پێویستە لەگەڵ بەرامبەر ئەنجامی بدەین، و ئەو پێویستی بە چییە ئەو پێویستییەی پێ بدەین، زۆر جار ئێمە چووینە جێگەی ئەو و ئێمە بڕوامان وا بووە کەوا ئەو کەسە لە ئاستی شیر خواردن دە رچووە، و چۆتە ئەو ئاستەی کەوا پاچەی پێ بدەین! کاتێکیش پاچەمان داوەتە بەرامبەرەکەمان تووشی ژاهراویبوون (التسمم)مان کردووە! لۆیە لەگەڵ داوای لێبووردنەوە نەتەوەی ئیسلامیی ئەو بارودۆخەی کە ئەم ساتەوەختەی تێیدایە هەرگیز پێی تێنەپەڕیوە، و ئەم حاڵەی پێشتر بەخۆیەوە نەبینیوە، جا یەك لەم هۆکارە سەرەکییانەی باسکرا بریتییە لە:

## مەرجەکانی بانگەواز لە نێو قورئان

1- بانگەواز لۆ الله یە (الدعوة الى الله)، بانگەواز بۆ بیروڕاکان و بڕوا و ڕێباز و کەسایەتییەکان نییە.

2- پاشانیش دەبێ (الله)یەکە لەلای مرۆڤەکە بوونی هەبێت تاکو بتوانێت ئەو الله(ﷻ) یە نیشانی ئەو خەڵکەی بدات، الله(ﷻ) وەك ئەوەی هەیە، نەك وەك ئەوەی من دەمەوێت.

3- بە کرداریيانە لەم ئاستەی بێت و کابراش دەبێ ئیزنی هەبێت لە ساتی جوولەکردن، بەم جۆرەی کە پێویستە جوولە بکات، نەك بەم جۆرەی کە کەسە دەیەوێت، لۆیە هەموو جار بانگەواز (الى الله)ە، بانگەواز لۆ (ئیسلام) نییە.

## لە نێو قورئان بانگەواز لۆ کێیە؟

وەڵام: شتێك هەیە ئەویش لەوانەیە مرۆڤ بتوانێت ببێتتە پارێزەر (محامي) لۆ ئایین، بەڵام شتەکەش لەلای خۆی بوونی نەبێت! لۆ نموونە لە گفتووگۆیەکان، لە کێشمەکێشمەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەکان، (حوارات و مجادلات و مناظرات)، دەکرێت کابرایەکی جوولەکە بێت و بەرگری لە ئیسلام بکات، و زۆر بەهێزیش بەرگری بکات، ئەوە پێی دەکرێت پارێزەریی بکات، بەڵام بابەتی بانگەواز لۆ (الله)(ﷻ) بابەتێکی زۆر مەترسیدارە! کێشەکە ئەوەیە ئێستا ئێمە لە بانگەواز لۆ الله دەرچووینە و ماوەیەکی زۆریشە بەڵکو چەند سەدەیەکە، لە بانگەواز لۆ الله دەرچووینە و بابەتەکە بۆتە بانگەواز لۆ شتێکی تر جیا لە الله! ئینجا ئیسلامە، ئینجا...، ئینجا... ئینجا...، لقە جیابووەکانی زۆرە، لەبەرئەوەی خودای ڕەحمان (دعوە الى الله)ی کردووە، چوارچێوەشی داناوە و ڕێکی خستووە بەوەی ئەم (دعوة الى الله) نەبێتە پارێزەریی کردن، واتە کرداریيانە کابرا ئیماندار بێت، و ئیمانداری بە حەق بێت و تەقواکردنی حەق بکات، ئینجا قوناغی سێیەم دێت کە بریتییە لە (بأذنه) کە ئەو ئیزنە نەبوو نابێتە (سراج المنير)، لەوانەیە ببێتە (سراج الوهاج)، ئەمڕۆ ئوممەت بە غەیری موسڵمانان تووشی بەڵا (ابتلاء)نەبووە، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەمەی کە خۆی دوژمنی خۆیەتی بەبەراوورد لەگەڵ ئەوەی دوژمنی دەرەکییەتی، لە بەراوردەکە دەردەکەوێت کە ئەوەی خۆی بە خۆی دەکات زۆر زۆر زیاترە، لەوەی کە کەسانی دەەرەکی پێی دەکەن! زۆرجار دووبارەم کردۆتەوە ئەگەر بتانەوێت بارتان و ئەرکی سەرشانتان قورس نەبێت لە ڕۆژی دوایی و لەبەرامبەر خودا(ﷻ) و لە بەرامبەر پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) نەخرێنە دوای پەردەوە ئەوا واز لە بانگەواز دەهێنن، بەڵام ئەگەر پێداگر بن لەوەی هەر ئەنجامی بدەن ئەوا چەندتان لە ناوەوەی خۆتان هەیە هەر ئەوەندەی بکەن، چونکە با بەس بێت شانۆگەرییەکان لەسەر حیسابی ئیسلام، ئەگەر بتانەوێت بزانن زەلیلیی موسڵمانەکان چەندێکە بڕۆن و سەیری هەواڵەکان بکەن! کەناڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکان سەیر بکەن، ئەوکاتی دەزانن ئوممەتی ئیسلامی لە چ بارودۆخێك دایە، لۆیە وەسیەتتان دەکەم لە دوای تەقواکردنی خودای هیچ کەس

نەبێـە نوێنەری خودای، لەم خاڵە ئاگادار بن، هەمووتان نوێنەرایەتی خۆتان بکەن، ناوەوەتان چەندێك خودای تێدایە ئائەوەندە مامەڵە لەگەڵ خودا بکەن، ئەگەر ئێمە ئەو ڕاددەیەمان تێدا بووایا ئەوا خودای ڕەحمان غەیری خۆمانی لۆمان دەگرتە ئەستۆوە، ترسناکترین شت دەست دانە لەم بابەتەی بانگەوازیکردن، و چەند ئێمە خۆمان بکەین بە پارێزەر لۆ ئەو ئایینەی بە هەمان ڕاددە ئاڵۆزی دەکەین، ئەمەش مانای وانییە ئێمە ئایینی بەجێ بهێلین، نەخێر من مەبەستم ئەوەیە ئەمڕۆ ئایین خووڕەوشت (خلق)ە، ئایین لە بازار مامەڵەکردنە، ئایین لەسەر شەقام ڕەوشتە، ئایین لەگەڵ دراوسێ نەریت و ئاکار (سلوك)ە، ئایین لە نێو دادگا هەڵوێستە، هەرچەند بەهێز بێت ئائەوەندە دەتوانێت ئەمانە دابەزێنێتە ئەرزی واقیع، بمبوورن ئایین بریتی نییە لە ڕیش و بەس، ئایین ڕەوشتە، ئایین ڕەحمەتە، ئایین پێغەمبەرە.